**وەزارەتی خوێندنی باڵا وتوێژینەوەی زانستی**

**ژمارە: ٦٦٢٧ لە ٢٠٢٠/٨/١٢**

**ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٢٠)**

**ڕێنمایی هەمواری یەکەمی ڕێنمایی ژمارە (٧)ی ساڵی (٢٠١٩)ی دبلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێم**

پاڵپشت بە کۆنووسی کۆبوونەوەی ژمارە (٧)ی ئەنجومەنی وەزارەت (تەوەری یەکەم/بڕگەی سێیەم) کە لە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/٥/١٨) ئەنجامدرا، لە پێناو بەرژەوەندی گشتی خوازیارانی خوێندنی دبلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی کە بەپێی ڕێنمایی ژمارە (٧)ی ساڵی (٢٠١٩)ی خوێندنی دبلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی لە زانکۆ حکومیەکانی کوردستان بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٩-٢٠٢٠) پێشکەشیان کردووە، لە چوارچێوەی دەستەبەرکردنی پرەنسیپی شەفافیەت و دادپەروەری و هەلی یەکسان بۆ پێشکەشکاران، بڕیاردرا بە:-

- هەموارکردنەوەی خاڵی (٣) لە (تەوەری یەکەم) و ناوەڕۆکی (تەوەری دووەم) و (تەوەری سێیەم) لە ڕێنمایی ژمارە (٧)ی ساڵی (٢٠١٩)ی دبلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی لە زانکۆ حکومیەکانی کوردستان بەم شێوەیەی خوارەوە:-

**یەکەم:** مەرجی دەرچوون لە تاقیکردنەوەی توانستی زانستی ڕەچاو ناکرێت ئەمەش لەبەرئەوەی ئەم جۆرە خوێندنە بۆ مەبەستی بەرزکردنەوەی تێکرای نمرەی بروانامەی بەکالۆریۆسی پێشکەشکار بەکاردەهێنرێت.

**دووەم:** پێوەرەکانی پێشبڕکێ لە نێوان پێشکەشکاران و سیستمی ڕیزبەندی بەپێی خاڵبەندی لەسەر بنەمای تێکڕای نمرەی بەکالۆریۆس و نمرەی تاقیکردنەوەی توانستی زانستی دەبێت بەم شێوەیەی خوارەوە:-

**أ.** تێکڕای نمرەی (٥٠)ی بەکالۆریۆسی پێشکەشکار هیچ خاڵ وەرناگرێت بۆ چوونە ناو پێشبرکێ، بە زیادبوونی هەر نمرەیەک خاڵێک وەردەگرێت ( بۆ نمونە ئەگەر پێشکەشکارێک تێکرای نمرەی بەکالۆریۆسەکەی (٥٥) بوو ئەوا (٥) پێنچ خال وەردەگرێت بۆ چوونە ناو پێشبرکێ، ئەگەر پێشکەشکارێکی دیکە تێکرای نمرەی بەکالۆریۆسەکەی (٥٨)ی بوو ئەوا (٨) هەشت خاڵ وەردەگرێت، بۆ نمرەکانی تریش هەمان ئەو پێوەرە پەیڕەو دەکرێت).

**ب.** تاقیکردنەوەی توانستی زانستی کە لەسەر (٣٠) نمرە ئەنجام دراوە، ئەگەر خوازیار لە تاقیکردنەوە هەر نمرەیەکی بەدەستهێنابێت ئەوا بە گوێرەی نمرەی بەدەستهاتوو لە تاقیکردنەوەکە خاڵ وەدەگرێت (بۆ نموونە ئەگەر پێشکەشکار نمرەی (٨)ی هەشتی لە تاقیکردنەوەی توانستی زانستی بەدەستهێنابێت، ئەوا (٨) هەشت خاڵ وەردەگرێت بۆ بەشداریکردن و چوونە ناو پێشبڕکێ، ئەگەر نمرەی (١٠) دەی لە تاقیکردنەوەکە بەدەستهێنابێت، ئەوا (١٠) دە خاڵی پێ دەدرێت بۆ بەشداریکردن لە پێشبرکێ، بۆ نمرەکانی تریش هەمان ئەو پێوەرە پەیڕەو دەکرێت).

**تێبینی**/ کۆی هەردوو خاڵەکانی بەدەستهاتووی پێشکەشکار لە تێکرای نمرەی بەکالۆریۆس و نمرەی تاقیکردنەوەی توانستی زانستی کە لە خاڵی (أ و ب)ی سەرەوە ڕوونکراوەتەوە کۆدەکرێنەوە و ئەو پێشکەشکارانەی بەرزترین خاڵیان بەدەستهێنا ، ئەوا بەپێی ڕێژەی پلان و ژمارەی کورسیەکانی پەسەندکراو لە لایەن وەزارەت وەردەگیرێن کە گشت کورسیەکان بەپێی پلان بەشێوازی پارالێل بووە.

**سێیەم:** ئەو پێشکەشکارانەی لە تاقیکردنەوەی توانستی زانستی دەرچوون، بەڵام بە هۆی نەمانەوەی کورسی وەرنەگیراون، یاخود ئەو پێشکەشکارانەی لە تاقیکردنەوەی زانستی دەرنەچوون، بەڵام بە هۆی ڕەچاونەکردنی مەرجی دەرچوون لە تاقیکردنەوەی توانستی زانستی کە لە (برگەی یەکەم)ی سەرەوە روونکراوەتەوە، ئەوا دەسەڵات دەدرێت بە ئەنجومەنی زانکۆکان بۆ زیادکردنی کورسی خوێندن بە مەرجێک زیادکردنی کورسیەکە بە گوێرەی توانای بەشەکان بێت بە مەرجی رەچاوکردن و پەیڕەوکردنی ڕێنمایی وانەوتنەوە و هەبوونی تاقیگە و پێداویستیە زانسیتەکان و هەروەها مەرجە گشت ئەو کورسیانەی زیاد دەکرێن بە شێوازی پارالێل بێت و بە شێوەیەکی ئارەزوومەندانە دەبێت بۆ خوازیاران و بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە خوازیار داواکاری و بەڵێننامەی یاسایی لە زانکۆ پێشکەش بکات کە رەزامەندە بە شێوازی پارالێل وەربگیردرێت لە ماوەی (١٥) پانزە رۆژ لە رێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە لایەن زانکۆوە، بە پێچەوانەوە پێشکەشکار مافی نامێنێت.

**چوارەم:** ئەم رێنماییە تەنها بۆ خوازیارانی خوێندنی دبلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی کە بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٩-٢٠٢٠) پێشکەشیان کردبوو و تاقیکردنەوەی توانستی زانستییان ئەنجامدابوو جێبەجێ دەکرێت.

**پێنجەم:** ئەم رێنماییە لە دوای راگەیاندنی ئەنجامی سکاڵا و تانەگرتن خوازیاران کاری پێدەکرێت و لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**د. ئارام محمد قادر**
**وەزیری خوێندنی باڵا وتوێژینەوەی زانستی**